گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لە نێوان داتاشینی ڕستەسازییانە و ڕێزمانی بەندیەتیدا هاوبەشی و جیاوازی

**حەیدەر حاجی خدر**
وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
haider.khdir@su.edu.krd

**پ. د. سەباح ڕەشید قادر**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
dr.sabahrashed@yahoo.com

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٥/١٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٦/٢٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان:**
*Syntactic Carpentry, Dependency, Emergentism, Verb Arguments Grid, Referential Dependency, Agreement Dependency*

**پوختە**

داتاشینی ڕستەسازییانە، یەکێکە لە تیۆرە سینتاکسییە نوێیەکان. لە ڕێی شیکردنەوەی ڕستەکانی زمانەوە، بۆچوونەکانی خۆی لە قالبێکی دەرکەوتووانە (*emergentism*) وە دەخاتەڕوو. سەرباری ئەوەی تیۆرەکە دان بە هیچ یاسایەکی ڕێزمانی پێشوەختە لە زماندا نانێت، بەڵام لە میانەی شیکردنەوانەکانیدا دەردەکەوێت، کە لە هەندێك پنتدا، کاریگەریی ڕێزمانەکانی پێش خۆی بەسەرەوە دیارە، بە تایبەتی ڕێزمانی بەندیەتی. ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (لە نێوان داتاشینی ڕستەسازییانە و ڕێزمانی بەندیەتیدا - هاوبەشی و جیاوازی) دایە و هەڵهێنجراوی تێزێکی دکتۆرایە، هەوڵدەدات چەند ڕووکارێکی کاریگەرییەکانی ڕێزمانی بەندیەتی بە تیۆرەکەوە بخاتەڕوو، ئەمە وێڕای خستنەڕووی چەند لایەنێکی هاوبەش و جیاوازیی نێوانیان.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.14

## پێشەکی:

تیۆری داتاشینی ڕستەسازییانە پوختەی بۆچوونەکانی ولیەم ئۆگرێیدییە، کە لە نێوان ساڵانی 2005 – 2011 دا، لە چوارچێوەی کتێبێك و چەند توێژینەوەیەکدا خستویەتییەڕوو. سنووری کارکردنی تیۆرییەکە سینتاکسە، ڕستە و گرێ کەرەستەی سەرەکی شیکردنەوەکانی تیۆرییەکەن. ئۆگرێیدی لەم هەوڵەیدا لە کاریگەربوون بە تیۆرەکانی پێش خۆیەوە دانەبڕاوە، یەکێك لەو تیۆرییانە ڕێزمانی بەندیەتییە. ئەم توێژینەوەیە بەسەر ئەم کاریگەرییانەی بەندیەتی بە تیۆرەکەدا دەچێتەوە و هەندێك لە وردەکارییەکانی پەیوەندیی نێوانیان لە هاوبەشی و جیاوازیدا دەخاتەڕوو.

## پرس و گرنگیی توێژینەوەکە:

دوای بڵاوبوونەوەی، بە پاساوی ئەوەی هەموو پێکهێنەرێکی ڕستە گرنگی و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، زمانەوانان ڕووی خۆیان لێ ڕێزمانی بەندیەتی وەرگێڕا، بەڵام ئەمە زۆری نەکێشا، چونکە تیۆرەکانی دواتر نەیانشاردەوە، کە هێشتا لایەنێکی گرنگیی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی یەکە و پێکهێنەرەکان بە پرسی یەکدی بەندکردنی پێکهێنەرەکانەوە بەندە. ئەم توێژینەوەیە، لە داتاشینی ڕستەسازییانەوە، بە دوای کاریگەرییە بەردەوامەکانیدا دەگەڕێت.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لەسەر بنەڕەتەکانی ڕێبازی وەسفی – شیکاری ئەنجامدراوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو بەشدا خراوەتەڕوو. بەشی یەکەمی بۆ خستنەڕوویەکی پێویستی دوو تیۆرەکە تەرخانکراوە. بەشی دووەمیشی، بۆ کاریگەرییەکانی بەندیەتی لەسەر داتاشینی ڕستەسازییانە هەیەتی دانراوە. لە کۆتاییدا وێڕای پوختەیەك بە عەرەبی و ئینگلیزی، ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە و ئەو سەرچاوانەی تیایدا بەکارهێنراون لیستەبەندکراون.

**بەشی یەکەم:** پوختەیەك لە بارەی ڕێزمانی بەندیەتی و داتاشینی ڕستەسازییانەوە

**1 – 1 ڕێزمانی بەندیەتی:** بەندیەتی پوختەی بۆچوونەکانی لۆسیان تنێر (1893 - 1954) ە، کە لە چوارچێوەی (پێکهێنەرەکانی ڕۆنانی سینتاکسی) دا، پێنج ساڵ دوای مردنی خۆی و لە 1959 دا، بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە. تنێر ویستویەتی دابەشکارییە لەمێژینەکەی ئەرەستۆ بۆ ڕستە بەسەر باس و باسلێکراو و پەیوەندیی بەش بە گشتی تیۆری پێکهێنەرە ڕاستەوخۆکانی بلۆمفیلد و یاساکانی گرێپێکهێنان تێبپەڕێنێت و لەسەر بنەمای بەندیەتیی یەکتربەندکردنی پێکهێنەرەکانی ڕستەوە، بچێتە باسکردنی پەیوەندیی پێکهنەرەکانی ڕستەوە (مصطفى غلفان، 2013: 406). وردەکاریی بۆچوونەکانی تنێر لەژێر ڕۆشنایی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەدا لێکدەدەینەوە.




1- کار و بکەر و کەرەستەکانی دیکە بە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکەیانەوە، وەك یەکەیەکی مۆرفۆلۆژی بە پێکهێنەری ڕستەکە دادەنرێن، بەڵام هەموو یەکەیەکی فەرهەنگی، کە چووە ناو ڕستەوە ئەو سەربەخۆییەی نامێنێت، کە پێشتر لە فەرهەنگدا هەیبووە، بەڵکو دەچێتە ناو تۆڕێکی پەیوەندییەوە و ڕستەکە لەو پەیوەندییانەدا دەکەوێتەوە (لودجر هوفمان، 2015: 96). بەم لێکدانەوەیەوە دیارە تنێر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دووانەی سیستەم و بەهای سوسێرەوە.

بە لای سوسێرەوە بەهای پێکهێنەرەکانی هەر پێکهاتەیەك لە خودی خۆیانەوە نییە، بەڵکو لە بەیەکداچوونی نێوانیانەوەیە، چونکە بە لای ئەوەوە بەها و واتای هێما یەکسان نین، واتا ڕێککەوتنی نێوان ناو و ناولێنراوەکەیە و پەیوەندیی بە خودی سیستەمەکەوە نییە، بەڵام بەهای هێماکان بریتییە لەو پەیوەندییەی، کە هێمایەك بە هێمایەکی دیکەوە هەیەتی لە سیستەمەکەدا، بەمەش بەهای هێماکان لەسەر پەیوەندیی هێماکان خۆیان دەوەستێت، بۆیەش سوسێر زمانی بە سیستەمی بەهاکان لێکداوەتەوە، واتە واتا و بەها دوو شتی جیاوازن (فردينان دي سوسور، 1985: 131 - 136).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- پەیوەندیی وشەکان لە بە دوای یەکداهاتنی خۆیانەوە دێت لە ڕستەکەدا، بەم پێیە هیچ وشەیەك لە ڕیزبەندییەکەدا یان یەك دراوسێی دەبێت یان لە دوو دراوسێ زیاتری نابێت، کە هەر یەکەیان دەکەوێتە لا یان جەمسەرێکی وشەکەوە (جرهارد هلبش، 2003: 363).

3- ڕستە دوو ڕوو (شكل / form) ی هەیە، تنێر ڕووی دەرەوەی بە (شێوەی ڕستە) و ڕووی ناوەوەشی بە (ڕۆنانی ڕستە) داناوە (محمود جاد الرب، 1985: 142). پێکهێنەرەکان ڕووکاری دەرەوەی ڕستەکە دەخەنەڕوو، سروشت یان شیکردنەوەیەکی مۆرفۆلۆژییانەیان هەیە، بەڵام خودی ڕستەکە، کە لە پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانەوە پێکدێت ڕووکاری ناوەوەی ڕستەکە دەخاتەڕوو (ڕاستەهێڵی ستونیی نێوان کار و بکەر لە ڕستەکەدا، وەك لە هێڵکارییەکەدا دیارە، پەیوەندییەکە دەنوێنێت). پەیوەندییەکە بیرۆکەی ڕستەکە بەرجەستەدەکات، بۆیە تێگەیشتن لە ڕستە واتە درککردن بە پەیوەندییە بنەڕەتییەکە، کە لە پەیوەندی بە دوای یەکداهاتنی پێکهێنەرەکانەوە هاتووە، بەمەش درککردنەکە ڕستەکە لێکدەداتەوە. کەواتە هەموو پێکهێنەرەکان پێکهێنەرێکی مادیی ڕستەکەن، بەڵام ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییەی لە بەیەکەوە هاتنی پێکهێنەرەکانەوە دێت دەبێتە پێکهێنەرێکی دیکەی نەبینراو و خودی ڕستەکە لە ئەودا بەرجەستەدەبێت، واتە پەیوەندییەکە گیانی ڕستەیە.

4- پەیوەندیی پێکهێنەرەکان لەناو خۆیاندا لەسەر بنەمای شوێنکەوتە (بەندکراو) و شوێنهەڵگیراو (بەندکەر)دا دەبێت، بەشێوەیەك کار لە لایەن شوێنکەوتەکانەوە دەبێتە شوێنهەڵگیراو، بە پێچەوانەشەوە پێکهێنەرەکان دەبنە شوێنکەوتەی کار، وەك لە خوارەوەدا بە هێڵکارییەك خراوەتەڕوو:

X شوێنکەوتەی Y




Y شوێنهەڵگیراوی X

تنێر جگە لەوەی ئەم پەیوەندییەی بە هێڵێکی ستونی نێوان شوێنهەڵگیراو و شوێنکەوتەی دەربڕیوە، بەڵام بۆ پیشاندانی وردەکاریی پەیوەندییەکە، دەشێت پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی ئاسۆییش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکبدرێتەوە، بەشـــێوەیەك، کە کار بکەوێتە ســـەرووی هەموو پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕســـتەکەوە، بەشێوەیەك هەموو پێکهێنەرەکانی ڕستە دەبنە شوێنکەوتەی کار، واتە کار دەبێتە ڕایەڵەی پەیوەندییە ســـەرەکییەکەی نێوان پێکهێنەرەکان و بنچی بیرۆکەی ڕســـتەکە دەنوێنێت، چونکە پێکهێنەرەکان هەر یەکەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداری لە ڕووێکی پێکهاتەکەدا دەکەن.

5- بەندیەتی لە پەیوەندیی نێوان بەندکەر و بەندکراودا دەگاتە ئەوەی، کە بەندکراو هەر یەك بەندکەری دەبێت، بەڵام دەکرێت بەندکەر زیاتر لە بەندکراوێکی هەبێت، بەمەش بەندکەری و بەندکراوی، کە پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی ڕســـتەکە دەنوێنێت، بە تەواوی ڕســـتەکەدا شـــۆڕدەبێتەوە، چونکە هەر کەرەســـتەیەکی ڕســـتەکە وەربگرین دەبێت بە کەرەســـتەیەکی دیکەوە بەندبووبێت و هەڵواســـرابێت، واتە نابێ هیچ کەرەســـتەیەك لە بۆشـــاییدا بمێنێتەوە و پەیوەندی بە کەرەستەیەکی دیکەی ڕستەکەوە نەبێت (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، 2010: 26)

## 2.1 داتاشینی ڕستەسازییانە:

ئۆگرێیدی تیۆرییەکەی لە چوارچێوەی فەلســـەفەی دەرکەوتویی (emergentism) دا خســـتۆتەڕوو، چونکە پێی وایە زمان لە هێزە نازمانییەکانەوە پێکهاتووە و هەر لە ڕێی ئەو هێزانەشـــەوە لێکدەدرێتەوە، بۆیە داتاشینی ڕستەسازییانەی لەسەر بنەڕەتی دوو سیستەم خستۆتەڕوو، سیستەمی چەمکی هێماکان (لێکســیکۆن) و ســیســتەمی ژمێرکاری، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو تێزەی، کە پێی وایە زمان دەبێت لەسەر بنەڕەتی هێزە نازمانییەکانەوە شیبکرێتەوە، بە پاساوی ئەوەی، کە ئەم هێزە نازمانیانە دەرکەوتووانە زمانیان پێکهێناوە و دەبێت هەر خۆشـیان بچنە لێکدانەوەی زمانەوە. بەپێی

لەبەرچاوگرتنی زمانەوانی و دەروونناسی و دەمارناسی پێویستە دوو سیستەمی تەواو جیاواز لە یەکدی جیابکەینەوە، هەردووکیشیان سیستەمی مەعریفین (صباح ڕەشید قادر، 2015: 64). کەواتە ئێمە لە خستنەڕووی داتاشینی ڕستەسازییانەوە لە بەردەم لێکدانەوەی هەر سێ چەمکی ئیمێرجەنتیسم و سیستەمی چەمکی هێماکان (لێکسیکۆن) و سیستەمی ژمێرکاریدا دەبین.

### 1 . 2 .1 دەرکەوتوویی (emergentism):

سەرەتاکانی ئەم ڕێچکە فەلسەفییە بۆ بۆچوونێکی (ستیوارت میل) دەگەڕێتەوە، کە لە بەشی شەشەمی کتێبی سێهەمیدا و لە چوارچێوەی باسکردن لە پێکهاتنی هۆکارەکاندا بناغەی بۆ هاتنەناوەوی ئەم ڕێچکەیە لە فەلسەفەدا داڕشتووە.
میل ئاماژە بەوە دەدات، کە دەکرێت لە ئاوێتەکردن و لێکدانی دوو ماددەدا ماددەی سێهەم بەرهەمبێت، ماددەی بەرهەمهاتوو بە سیما و تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە لەو دوو ماددانەی لێیان بەرهەمهاتووە جیادەکرێتەوە، چونکە سیما و تایبەتمەندییەکانی ماددەکە نە بە سیما و تایبەتمەندیی تاکە تاکەی پێکهێنەرەکانی دەچێت، نە بە سیما و تایبەتمەندیی هەردووکیان بە یەکەوە، بۆ ئەمە بەڵگە بە پێکهاتنی ئاو لە ئۆکسجین و هایدرۆجینەوە دەهێنێتەوە، بەشێوەیەك، ئاو سیما و تایبەتمەندییەکانی نە بە سیما و تایبەتمەندییەکانی ئۆکسجین دەچێت نە بە هایدرۆجینیش، نە بە سیما و تایبەتمەندییەکانی هەردووکیان بەیەکەوە (Jhon Stuart Mill, 1930: 243).
ئەگەرچی وەك بوونیادگەرەکان لێی دەڕوانن، سیما و تایبەتمەندیی هەموو سیستەمێك وەك پێکهاتەیەك لە پەیوەندیی بەیەکداچووی پێکهێنەرەکانیەوە دێت، بەڵام ئۆگرێیدی بە گەڕانەوە سەر ئەم بۆچوونەی میل، دەیەوێت ئاماژە بەوە بدات، کە سیما و تایبەتمەندییەکانی خودی سیستەمەکە جیاوازترن لە سیما و تایبەتمەندیی پێکهێنەرەکانی پێکهاتەکە، واتە هیچ ئاسەوار و کاریگەرییەکی ماددە پێکهێنەرەکان لە ماددەی بەرهەمهاتوودا نابینرێت.
بەپێی ئەو بۆچوونانەی، کە ئۆگرێیدی لە بارەی دەرکەوتوویی زمانەوە وەك کردەڕێگایەکی تازە لە داڕشتنی ڕستەسازییانەدا لەبەرچاوگرتووە، کۆی پێکهاتەی زمان لە سینتاکسدا دەبینێتەوە. دەشێت

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆكاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، كە ویستویەتی وەك چەقی لێكۆڵینەوە لە زمان و بواری بەیەكگەیشتنی لایەنەكانی دیكە تیایدا و بەرجەستەكەری زمان لە سینتاكس بڕوانێت.

ئۆگرێیدی تێزی هەرە سەرەكی لە دەركەوتوویی زماندا لەوەدا دەبینێتەوە، كە بۆ باشترین لێكدانەوەی ڕووكار و دیاردەكانی زمان دەكرێت بگەڕێینەوە سەر هۆكارە نازمانییەكان، كە بریتین لە: فیزیۆلۆجی (زانستی ئەركی ئەندامەكان)، دركپێكردن، چارەسەركردنی زانیارییەكان (پرۆسێسەر)، كاركردنی یادگەكان (ئاشكرا و كارڕایی)، پڕاگماتیك، بەیەكداچوونی كۆمەڵایەتی، تایبەتمەندییەكانی وەرگرتە (ئینپوت)، میكانیزمەكانی فێربوون و ..... تد.

ئەم بۆچوون و لێكدانەوەیەی ئۆگرێیدی، سەر بۆ ئەوە دەكێشێت، كە وێڕای ئەوەی لە لێكدانەوەی ڕووكار و ئاست و لایەنەكانی زماندا هێزە نازمانییەكان كارا و بەشدارن، لە هەمان كاتدا زمان وەك پێكهاتە و ڕۆنانیش هەر لە هێزە نازمانییەكانەوە پێكهاتووە. ئەم بۆچوونەشی لە سەر دوو ئاستدا تاوتوێكردووە: ئاستێكیان وەك بوون (پێكهاتنی زمان) ئەوەی دیكەشیان وەك فێربوون (وەرگرتنی زمان). هەموو ئەو هەوڵانەش لە بەرجەستەكردنی ئەم بۆچو‌نەی میلدا سەرچاوەدەگرن، كە لە لۆژیكی پێكهاتنی هۆكارەكانەوە خستویەتییەڕوو(بڕوانە: William O'Grady 2008: 448).

بەرجەستەكردنێكی واقیعیانەی بۆچوونەكە لە زماندا، لە ڕوانگەی بیێتسەوە بۆ (پیاجیێ) دەگەڕێتەوە، بەڵام خاڵی سەرنج لەوەدا ئەوەیە، هەوڵەكە لەسەر ئاستی وەرگرتنی زمان بووە نەك پێكهاتنی زمان، دەكرێ هۆكارەكە بۆ ئەوە بگەڕێنرێتەوە، كە سەرنجی دەركەوتوویی زمان تا ئەو كات زیاتر لەسەر ئەوە بووە، زمان چۆن وەردەگیرێت، نەك لەسەر ئەوەی زمان چۆن پێكدێت و پێكهاتووە. لە دیدی جان پیاجییەوە هەندێك لە ئەنجام و دەرهاویشتەكان لە هۆكارەكانیانەوە پێشبینی ناكرێن، بۆ نمونە ئەو بڵقە تۆپئاسایانەی لە فوكردنی كەفاوێك بە شێوەی خڕ و بازنەیی دەكەونەوە هۆكارەكەی لە خودی سابون و ئاو و فووی ئەو منداڵەوە نییە، كە بڵقە تۆپئاساكە دروستدەكات، بەڵكو ئەوە خودی شێوە بازنەییەكەیە، كە توانای ئەوپەڕی فراوانبوون بۆ بڵقەكە دەڕەخسێنێت. پیاجیێ لەمەوە دەیەوێت بڵێت، لۆژیك و مەعریفەش بە هەمان شێوە، لە كارلێكە بە دوای یەكدا هاتووەكانی چالاكی هەستی و جیهانی ڕێكخراوەوە دەردەكەون (بڕوانە: Elizabeth Bates and others 1999: 590).

هەرچەندە ئەم بۆچوونەی پیاجیێ جۆرێك لە دەركەوتوویی زمان و وەرگرتنی دەخاتەڕوو وەك هۆكار، بەڵام ڕووبەڕوی ئەو سەرنجە ڕەخنەئامێزە دەبێتەوە، كە لە دەستنیشانكردنی هۆكارەكاندا زۆر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وردنەبۆتەوە، بەوەی کامەیان چەقی پێکهاتنی زمان دەگرێت، لەبەرئەوەی دەرهاویشتەی هۆکارەکان هێندە گرنگ نییە بەقەد چالاکی هۆکارەکان خۆیان، چونکە لە بابەتی زماندا زمان لە هەر چییەك پێکهاتبێت، پێکهێنەرەکانی هۆکاری لێکدانەوەی زمانن، واتە پێکهێنەرەکان پێکهێنراوەکە ڕووندەکەنەوە نەك بەپێچەوانەوە، ئەوەش بەوردی لە بۆچوونەکەی ستیوارت میلەوە دیارە، کە بابەتەکەی خستۆتە ناو قالبی پێکهاتنی هۆکارەکانەوە، تەنانەت ئۆگرێیدیش لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا داتاشینەکەی کردۆتە دەرهاویشتەی هەردوو سیستەمەکە.

لەسەر ئاستی پێکهاتنی زمانیشەوە، ئۆگرێیدی پێی وایە هەوڵی کردەیی لە لێکدانەوەی دەرکەوتوویی زماندا بۆ ئەو بۆچوونە دەگەڕێتەوە، کە پێی وایە دەکرێت وەك ئامێرێك سەیری زمان بکرێت، بەوەی لە پارچەی کۆنتر لە خۆی پێکهاتبێت. ئۆگرێیدی بۆچوونەکەی لەو لێکۆڵینەوەیە وەرگرتووە، کە بێیتس و ماکوینی لە بارەی ڕێبازی ئەرکییەوە لە 1988 دا بڵاویانکردۆتەوە، بۆچوونەکەش لە بنەڕەتدا هی بێیتسە کە لە 1979 دا لە (*The Emergence of Symbols*) دا دەریبڕیوە. بەلای ئەوانەوە ڕێیتێدەچێ ڕێبازی ئەرکی بایۆلۆژییانە پاساوبدرێت، بە تایبەتی لە پرسی زگماکیبوندا. ئەوان زگماکیبونی زمان بەتەواوی ڕەتناکەنەوە، بەڵام لەسەر ئەوە مکوڕن، لە ڕووە بایۆلۆژییەکەی زمانەوە و لە پرسی زگماکیی زماندا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە زمان لە هەندێك توانای دیکەوە سەرچاوەیگرتبێت، واتە دەشێت تایبەتمەندییەکانی ڕێزمان ناڕاستەوخۆیانە زگماکی بن، واتە زمان لە پارچە و پێکهێنەری لە خۆی کۆنتر پێکهاتبێت، کە توانستی ئەو پێکهێنەرانە بچنە خانەی زگماکیبوونەوە (بڕوانە: Elizabeth Bates & Brian Mac Whinny 1988: 156).

لە بنەڕەتدا ئەم بۆچوونەی بێیتس و ماکوینی لە لایەك بە تەواوی ناچێتە خانەی ئەو دەرکەوتوویییەی، کە ئۆگرێیدی بە دوایدا دەگەڕێت، چونکە دەرکەوتوویی زمان تاڕادەیەك بنەماکانی ڕێزمانی گشتگیر ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لە داتاشینەکەدا سودی ئەوەی دەبێت، کە بتوانێت سیستەمی چەمکی هێماکان و سیستەمی ژمێرکاری وەك دوو پێکهێنەری زمان بناسێنێت و لێکبداتەوە.

### 2 .2 .1 سیستەمی چەمکی هێماکان:

مەبەستی ئۆگرێیدی لە سیستەمی چەمکی هێماکان، کە توخمی یەکەمی هاوکێشە دەرکەوتوییەکەی زمان پێکدەهێنێت، وشە و مۆرفیمەکان و گوزارشتەکانیشیان دەگرێتەوە، کە بە تەواوی سیماکانی

خۆیان لە یادگەدا هەڵدەگیرێن و بۆ داتاشینی ڕستە دەخرێنە بەردەست سیستەمی ژمێرکارییەوە. ڕووکاری سەرەکیی سیستەمی چەمکی هێماکان لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا لێکسیکۆنە، کە بە یادگەی ئاشکرا (*Declarative Memory*) وە پەیوستە (بڕوانە: William O'Grady 2005: 3) لێرە بە دواوە، وەکوو ئۆگرێیدی لەجیاتی بەکارهێنانی زاراوەی سیستەمی چەمکی هێماکان، لێکسکیۆن بەکاردەهێنین، لە سۆنگەی ئەوەی لێکسیکۆن نوێنەرایەتیی سیستەمەکە دەکات.

## 1 . 2 . 2 . 1 لێکسیکۆن

لێکسیکۆن ئەو ڕۆنانەیە، کە لە زمانەوانی و زمانەوانیی دەروونیدا بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە نواندنی وشە یان لێکسیمەکان، تەنیا بریتی نییە لە هەڵگرتن و کۆکردنەوەیەکی گشتیی وشە و مۆرفیمەکان، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا چۆنیەتیی کاراکردن و کۆگاکردن و گەڕاندنەوەی وشە و لێکسیمەکانیش دەخاتەڕوو، تەنانەت بەشداری لە کردە ژمێرکارییەکانیش دەکات و دەبێتە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی هەڵبژاردن لە پرۆسەی پێکهێنانی ڕستەدا (صباح ڕەشید قادر، 2016: 274).
لەبەر ئەوەی لێکسیکۆن کار لەسەر نواندنی ئاوەزیی وشە و مۆرفیم و کەرەستەکانی ئاخاوتن دەکات، بۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە، لەگەڵ هاتنەناوەوەی زمانەوانیی دەروونی و دواتریش زمانەوانیی دەمارناسیدا، لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا بایەخەکەی زیاتر و زیاتر بوو، تەنانەت وای لێهاتووە، کە نواندنی ئاوەزیی زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانی وشە و مۆرفیم و ئەوەی دەیگەیەنن، لە بارەی سروشتی زانیاری و یاسا زمانییەکانەوە، ببێتە مەیدانی بەیەکدادانی تیۆرەکان، ئەمەش لە نێوان دوو ئەرکی هەرە سەرەکیی لێکسیکۆندا، کە بریتین لە چۆنیەتیی هەڵگرتنی کەرەستەکان و کردە ژمێرکارییەکانی لێکسیکۆنەوە سەرچاوەیگرتووە (بڕوانە: Geert Booij 2007: 231).
هۆکاری ئەوەی کە ئۆگرێیدی سیستەمی چەمکی هێماکانی وەك بنەڕەتێکی سەرەکیی زمان لە لێکسیکۆندا کورتکردۆتەوە ئەوەیە، لە بنەڕەتدا لێکسیکۆن وەك سیستەمی هێماکان لێکدەدرێتەوە، زیاتر لەوەی ژماردنێکی ڕووتی کەرەستە هەڵگیراوەکانی بێت، چونکە سیستەمەکەی لەسەر بنەڕەتی هێماکان و پەیوەندییە زمانییەکانیان پێکهاتووە. لەبەر ئەم بایەخ و گرنگیپێدانەوە، هەر تیۆرییەك لێکسیکۆنی خستبێتە ناو بۆچوون و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەکانی خۆیەوە لە ڕوانگەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتەوە باسیکردووە، ئەمەش وای کردووە پێناسە و تێڕوانینی جۆراوجۆر بۆ لێکسیکۆن و ئەرك و سنوری کارکردنی بخرێنەڕوو لە نێوان مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسدا.

## 1 . 2 . 2 . 1 . 1 لێکسیکۆن لە مۆڕفۆلۆژیدا

لە بنەڕەتدا لێکسیکۆن زیاتر لە بواری مۆڕفۆلۆژیدا باسکراوە و ڕوونکراوەتەوە، دواتر لە ڕێی تیۆرەکانەوە لە سینتاکسدا لێی کۆڵراوەتەوە، چونکە زیاتر ئاماژەدان بووە بە کۆگایەك، کە زانیاریی تەواوی لە بارەی چۆنیەتیی دروستبوون و پێکهاتنی وشەکانەوە تێدایە، واتە وەك قەوارەیەکی زمانەوانیی ڕووتی تایبەت بە وشە و پێکهاتنەکەی باسکراوە. لەم چوارچێوەیەدا و لە سەرچاوە جیاجیاکاندا، ژمارەیەك پێناسە بۆ لێکسیکۆن خراونەتەڕوو، وەك:

1- **بۆدوان دی کۆرتینای**: بریتییە لە لیستێکی ئەو مۆرفیم یان یەکە مۆڕفۆلۆژیانەی زمان، کە ناتوانرێت کەرتبکرێن (Mark Aronoff & Kirsten Fudman 2011: 55).

2- **بلۆمفیلد**: بریتییە لە لیستێکی فۆڕمە ناپێوانەیی یان لەخۆوەییەکانی زمان ( Leonaed Bloomfield 1969: 269).

3- **دی سکیلۆ**: لێکسیکۆن وەك زیندانە، زیندانیش تەنیا نایاساییەکانی تێدایە ( Ingo Plag 2002: 59).

4- **هاسپلمات**: پێویستە لێکسیکۆن هەمو ئەو زانیارییانە بگرێتەوە، کە لە یاسا گشتییەکانیانەوە پێشبینی ناکرێن ( Martin Haspelmath & Andrea Sims 2010: 60).

هەر چوار پێناسەکە ئەگەر جیاوازییشیان لە نێواندا هەبێت، لە خاڵێکدا بە یەك دەگەن، ئەویش ئەوەیە، کە تەنیا ئەو وشانەی خاوەنی ڕۆنانێکی ناوەخۆیی نین دەچنە لێکسیکۆنەوە و هەڵدەگیرێن، بەمەش دەبێت لێکسیکۆن تەنیا ئەو زانیارییانە بگرێتەوە، کە بەپێی یاساکانی دارشتن و پێکهاتنی وشەوە پێکنەهاتوون و ڕۆنانی ناوەوەیان نییە. بەم پێیە تەواوی کەرەستە تاریکەکانی زمان (وشە سادەکان) دەچنە ئەم خانەیەوە، هۆکاری هەرە سەرەکیش لەمەدا ئەوەیە ئەو جۆرە وشانە کەوتونەتە بەر ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە و لە فۆڕم و پێکهاتەی خۆیانەوە پێشبینی واتاکانیان ناکرێت، هەر ئەمەشە وای لە هەندێك زمانەوان کردووە، لە چوارچێوەی پەیوەندیی لێکسیکۆن و مۆڕفۆلۆژیدا بۆ ئەوە بچن، کە مۆڕفۆلۆژی و لێکسیکۆن ناتوانن بەیەکدا بچن و لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن، چونکە مۆڕفۆلۆژی ئەو وشانە بەرهەمدەهێنێت، کە خاوەن ڕۆنانێکی ناوەخۆیین و لێکسیکۆنیش ئەو وشانە

هەڵدەگرێت، کە خاوەن ڕۆنانی ناوەخۆیی نین (بڕوانە: Mark Aronff & Frank Anshen, 2001: 238)، ئەمە ڕووبەڕووی ئەوەمان دەکاتەوە کە بڵێین: گرنگیی لێکدانەوەکانی مۆرفۆلۆژی زیاتر لە وشە ناسادەکان (کەرەستە ڕونەکان) دا دەردەکەوێ تا سادە (کەرەستە تاریکەکان) کان.

لە زەمینەی واقیعدا، ناتوانرێت ئەم بۆچونەی سەرەوە هەمیشە بە ڕاست بزانرێت، واتە ئەو وشانەی خاوەنی ڕۆنانێکی ناوەخۆیین، بە پاساوی ئەوەی پێشتر پارچەکانیان هەڵگیراون، پێویست بەوە ناکات جارێکی دیکە هەڵبگیرێنەوە. هۆکاری سەرەکی لەوەدا بۆ سروشتی دەرکەوتووانەی پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، چونکە لە لێکدانەوەیاندا گرفتی ئەوە دێتە پێشەوە، کە واتاکەیان لە کەرتە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینی ناکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی واتاکەیان لە پارچە پێکهێنەرەکانەوە پێشبینیدەکرێت، ئەوان هەڵناگیرێنەوە، بەمەش ئەو وشانەی لە کەرتەکانیەوە پێشبینی واتاکەیان ناکرێت دەبێت هەڵبگیرێن، چونکە لەم حاڵەتەدا لێکسیکۆن مامەڵە لەگەڵ واتای وشەکاندا دەکات نەك فۆرمەکەیان. لە لێکدراوێکی وەك (honeymoon) دا، کەرتی دووەمی لێکدراوەکە گرفتێك بۆ لێکدانەوەی وشەکە دروستدەکات، چونکە لە ئینگلیزیدا مانای مانگی سی ڕۆژ نادات، بەڵکو مانگی ئاسمان دەگەیەنێت، لە کاتێکدا لە کوردی و عەرەبیدا بەرانبەر بە (مانگ / شهر) دەوەستێت، بەپێچەوانەی ئینگلیزی، واتای مانگی سی ڕۆژەش دەگەیەنێت، ئەمەش دەرگا لەسەر ئەوە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی واتای وشەکە لە پێکهێنەرەکانیەوە پێشبینی ناکرێت، بۆیە دەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وشەکە لێکدراوە، بچێتە لێکسیکۆنەوە. نمونەیەکی زەقی هاوکێشەی فۆرم و واتا لە پرسی هەڵگرتن لە لێکسیکۆندا، لە (pothouse) و (doghouse) دیارە، چونکە:

1- هەردوو وشەکە لێکدراون و لە ڕووی پێکهاتنیشیانەوە هەردووکیان بە [ [ N ] [ N ] ] پێکهاتوون.

2- لە ڕووی واتاوە جیاوازن، (doghouse) لە کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە پێشبینی واتاکەی دەکرێت، کەچی (pothouse) ئەم تایبەتمەندییەی نییە، چونکە یەکەمیان واتای (شێلتەر) یان (کولانە) یان شوێنی تێدا مانەوەی سەگ دەدا، بەڵام دووەمیان (بارێکی بچووك) دەگەیەنێت، لە کاتێکدا کەرتی دووەمی وشەکە (pot) واتای (مەنجەڵ) دەدات و هیچ پەیوەندییەکی بە وشە لێکدراوەکەوە نییە.

تیۆرەکەی سێلکرك (سینتاکسی وشە - 1982) ئەم گرفتەی سەرەوەی دەرکەوتووانە چارەسەرکردووە، چونکە پێکهاتەی وشەکانی بە ئاستبەندکردنێکی وەك: وشە ناسادەکان بە ($1^+$) و سادەکان بە (0) و گیرەکەکانیش بە ($1^-$) دیاریکردووە، بەمەش هەموو وشەیەك بەبێ لەبەرچاوگرتنی

فۆرم و پێکهاتەی وشـــەکە دەکرێت بچێتە لێکســـیکۆنەوە. وەك لەم دوو نمونەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

[ pot]N [ house ]N ⟶ [ pothouse ]N

لە کۆکردنەوەی دوو کەرەســـتە لەگەڵ یەکدی ئەنجامێك دەرکەوتووە، کە زۆر جیاوازە لە دوو کەرەســـتەکە، بەمەش پێویســـتە دەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی وشـــەکە بکرێت، بە فۆرم و واتاکەیەوە، واتە: هەموو وشـــەیەك ســـادە بێت یان ناســـادە، فۆرم و واتا و ڕۆنانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە پێویستە وەك خۆی لە لێکسیکۆندا هەڵبگیرێت.

### 2.1.2.2.1 لێکسیکۆن لە سینتاکسدا:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکراونەتەوە، لێکسیکۆن بەو بوارەی زمان وەســـفکراوە، کە ڕەهەندە جیاوازەکانی زمان تیایدا بەیەکدەگەن و کۆدەبنەوە، بۆیە پێناسەکردنی لێکسیکۆن بەو ئاراستەیەدا دەچێت، کە هەر تەنیا زانیاریی ڕووت لە بارەی پێکهاتە و واتای وشـــە و کەرەســـتە هەڵگیراوەکانی لەخۆنەگرێت، بەڵکو دەبێت زانیارییە گراماتیکییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتەکانیش، بەتەواوی وردەکارییەکانیانەوە، لەخۆبگرێت (بڕوانە: Anna Herwig 2005: 53).
سروشتی زانیارییەکان لە چوارچێوەی کردە مەعریفییەکاندا لەسەر سێ بنەڕەت دەوەستێت:

1- **ئاستی بایۆلۆژی**: ئاستی بایۆلۆژیی بیرکردنەوە لە سروشتی زانیارییەکان لە مێشکدا خۆی دەنوێنێت، بەپێی ئەوەی تۆڕێکی سیستەماتیکیە و پێکهاتووە لە ملیۆنەها دەماری بەیەکەوە بەستراو و پەیوەست، کە بونیادی ئاوەز و زەینی مرۆڤ پێکدەهێنن.

2- **ئاستی نواندن و درکپێکردن**: ئاستی نواندن و درکپێکردن لەسەر لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی زانیارییە بەردەستەکان و گۆڕین و بەرجەستەکردنی وەك چەمك لە دووتوێی مێشکدا دادەمەزرێت، کە دەکرێت بە نواندنی ئاوەزی و زەینی لێکبدرێتەوە.

3- **ئاستی ڕاییکردن و چارەسەرکردنی زانیارییەکان**: ئاستی ڕاییکردن و چارەسەرکردنی زانیارییەکان، لە ڕاییکردن و چارەسەرکردنی زانیارییەکاندا، بە شێوەیەکی ئەبستراکت سەیری بیر دەکات، وەك سیستەم و ڕێکخستنێکی ئەرکی، لە چۆنیەتی گواستنەوەی زانیارییەکان لە ناو تۆڕە دەمارەکانەوە وردەبێتەوە (بڕوانە: عبدالرحمن محمد طعمه و الاخرون، 2019: 16 ).
هەموو ئەو کردە و زانیارییانەی سەرەوە لێکسیکۆن وەك لایەنێکی جێبەجێکار و بنەڕەتێکی سەرەکی دەرکەوتووانەی پێکهێنانی زمان دەیانگرێتەخۆ و هەموو کەرەستەیەك بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە دەخاتە بەردەست سیستەمی ژمێرکارییەوە.

لە سەردەمی بوونیادگەریدا زمان بە سیستەمی هێماکان لێکدراوەتەوە، لە سەردەمی نوێشدا، لەسەر بنەڕەتەکانی توانست و چالاکی لێکدراوەتەوە. بە پشتبەستن بە هەردوو لێکدانەوەکە، لێکسیکۆن لە لێکدانەوەی زمان و تیۆرییەکاندا، هەموو زانیارییەك لەخۆدەگرێت، واتە هەرچی ئاخێوەری زمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەیزانێت بە فۆرم و پێکهاتە و هێمای جیاجیاوە دەچێتە ناو لێکســیکۆنەوە، بەمەش وەك (ئۆڵمان) ئاماژەی پێ داوە، لێکسیکۆن کۆگای زانیارییە هەڵگیراوەکانە (بڕوانە: Ullman 2001: 717).

ئۆڵمان لەم پێناسەیەدا هەموو ئەو شتانەی لێکسیکۆن دەیانگرێتەخۆ و هەڵیاندەگرێت لە چوارچێوەی زانیاریی هەڵگیراو کۆیکردونەتەوە، واتە نەیئاخنیونەتە دووتوێی چەمکی وشـــەوە، واتە دەبێت لێکســـیکۆن مامەڵە لەگەڵ فۆرمی کەرەســـتە هەڵگیراوەکان بکات، ئەمەش دەرگایەکی تازە و گەورە لەسەر سنوری کارکردنی لێکسیکۆن لە زماندا دەکاتەوە، چونکە لێکسیکۆن لە مێشکدا کاردەکات و مێشـــکیش، وەك بیکەرتۆن ئاماژەی پێ دەدات ئامادەیی ئەوەی تێدایە بەبەردەوامی پێشـــوازی لە زانیاریی تازە و نوێی لە ڕادەبەدەر بکات و وەریانبگرێت (بڕوانە: دیریك بیکرتون 2001: 32).
لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە، دەکرێت بڵێین: لێکسیکۆن هەموکەرەستەیەك لەسەر بنەمای پێکهاتە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکەیان، کۆتەکانی هەڵبژاردن و سیما جیاکەرەوەکانیان، واتا و کەتیگۆری و شێوەی نوسینەکەیان هەڵدەگرێت و دەخاتە بەردەستی سیستەمی ژمێرکارییەوە.

### 1 . 2 . 3 سیستەمی ژمێرکاری:

ســیســتەمی ژمێرکاری میکانیزمی بەردەســت لێکســیکۆنە بۆ داتاشــینی ڕســتە. ســیســتەمەکە بەبێ پاڵپشتیی هیچ یاسایەکی ڕێزمانیی پێشوەختە، ئەم کارە دەکات. ئەرکی سەرەکی بریتییە لە:
1- بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو کەرەستانەی لێکسیکۆن دەیانخاتە بەردەستی، لە سەر ڕاستەهێڵێکی لاری سەر بەرەو خوار و کردنەوە و پڕکردنەوەی تۆڕی ئەرگومێنتی فانکتەرەکان.
2- چارەســەرکردنی ئەو شــوێنکەوتەییەی هەندێك لە کەرەســتەکان لە بەرانبەر یەکدیدا هەیانە وەك سەرچاوە و شوێنکەوتە لە یەکەم هەلدا، کە بەسەریان ڕادەگات.
3- چارەسەرکردنی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی بە بەرانبەرکردنی سەرچاوە و شوێنکەوتەکەی.
ســیســتەمەکە لەم ئەرکەیدا بەتەواوی لە ژێر داواکارییەکانی فەرهەنگ (توانســت) دا دەبێت، بەمەش پێکهێنانی ڕستە ئەو کردە ژمێرکاریانە لێی بەرپرسن، کە سیستەمەکە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی وشە و مۆرفیمەکان و پرۆســێســی چارەســەرکردنی شــوێنکەوتەییەکان دەیانگرێتەبەر، کەواتە زمان بەبێ ئەم کردە ژمێرکارییانە بەڕێوەناچێت. ســیســتەمی ژمێرکاریش بریتییە لە دەستەبەرکردنی ژمارەیەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردە و کرداری جۆراوجۆر بە مەبەستی پەیوەستکردن وبەیەکەوە بەستنەوەی کەرەستە فەرهەنگییەکان. لە تێڕوانینی ئۆگرێیدییەوە یادگەی کارڕایی (Procedural Memory) لە پشت کارکردنی ئەم سیستەمەی زمانەوەیە (بڕوانە: William O'Grady 2005: 3).

## بەشی دووەم: ڕووکارەکانی ڕێزمانی بەندیەتی بە داتاشینی ڕستەسازییانەوە

**2 . 1** داتاشینی ڕستەسازییانە لە هێنانە پێشەوەی (دەرکەوتوویی) و (تۆڕی ئەرگومێنتی کار) و (شوێنکەوتەیی سەرچاوەیی) و (شوێنکەوتەیی ڕێککەوتن) و (ڕێککەوتنی کەرتی) دا جیاوازی و هاوبەشیی ڕووکارەکانی ڕێزمانی بەندیەتی پێوە دیارە، لە خوارەوەدا بە سەر چەند لایەنێك لەم خاڵانەدا دەچینەوە و جیاوازی و هاوبەشیی نێوانیان بە نموونەوە ڕووندەکەینەوە:

### 2 . 1 . 1 دەرکەوتوویی:

هەرچەندە ڕێزمانە بەندیەتییەکەی تنێر لە بنەڕەتدا درێژکراوەی بوونیادگەرییە لە زماندا و لەسەر بنەماکانی بوونیادگەری دانراوە، هەر لە لێکدانەوەی زمان وەك سیستەمێك، کە ڕۆنانیکی ناوەخۆیی تیادا زاڵە تا دەگاتە پەیوەندیی پێکهێنەر و پێکهاتە و بەیەکداچونی پەیوەندیی پێکهێنەرەکان و بەند و بەندکەر و... تد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە سەرچاوەکان بۆ ئەوە دەچن، کە بەندیەتی ڕووکارێکی تا ڕادەیەك دەرکەوتووانەشی هەیە و ئەمە لە لێکدانەوەکانیدا دەبینرێت.
ڕووکارەکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە تنێر ویستویەتی ئەو گونجانە سیستەماتیکی و هارمۆنیەی لە پەیوەندیی شوێنکەوتە و شوێنهەڵگیراوەوە دەکەوێتەوە، وەك پێکهێنەرێکی دیکەی ڕستەکە بناسێنێت. هۆفمان لەم بارەوە ئاماژەی بەوە داوە، کە ڕێزمانەکەی تنێر لەوە دەکات، کە لە کیمیادا لە پێکهاتنی ئاوێتەکان لە یەکگرتنی کانزا و ناکانزاکاندا دەیبینین، بۆ نموونە: کلۆریدی سۆدیۆم، کە لە ئاوێتەکردنی هەردوو توخمی کلۆر و سۆدیۆم پێکدێت (لودجر هوفمان، 2015: 97).
وەك پێشتر لە چەمکی دەرکەوتوییدا خستمانەڕوو، ئەم بۆچوونەی هۆفمان لە بنەڕەتدا لە بابەتی پێکهاتنی هۆکارەکانی ستیوارت میلەوە وەرگیراوە. کلۆریدی سۆدیۆم ئاوێتەیە، هەر یەکە لە کلۆر وەك ناکانزا و سۆدیۆم وەك کانزا توخمن، ئاوێتەکە لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو توخمەکەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستدەبێت، کە سیما و تایبەتمەندییەکانی لە هەردوو توخمەکە ناچێت، چ بە یەکەوە، چ بە تەنیا، بەڵکو بە سیما و تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە شتێکی تەواو جیاوازە.

ڕووکارێکی کورتهێنیی ڕێزمانەکەی تنێر لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا، لەوەدا زەقدەبێتەوە، کە ویستویەتی ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان شوێنهەڵگیراو و شوێنکەوتەدا دەکەوێتەوە، بکاتە پێکهێنەرێکی دیکەی ڕستە، واتە هەموو ڕستەکە لە هەر سێ پێکهێنەردا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا دەبووایە وای لێکبدایەوە، کە پەیوەندییە سەرەکییەکە خۆی یەکسانە بە ڕستەکە خۆی، چونکە دەرکەوتوویی زمان لە ڕستەدا بەرجەستەدەبێت، بەپێی ئەوەی لە چوارچێوەی زماندا ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانە، کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان پێکیدەهێنن.

کورتهێنیی تنێر لە لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان شوێنکەوتە و شوێنهەڵگیراودا لەوەدایە، کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی ڕێزمانەکە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێمان بڵێ:

یەکەم: کێ شوێنکەوتەیی شوێنکەوتە و شوێنهەڵگیراو چارەسەردەکات؟

دووەم: چ کەرەستەیەکی ڕستە شوێنکەوتەیی نێوان شوێنکەوتە و شوێنهەڵگیراو پێشکەشدەکات؟

## 2 .1 .2 تۆڕی ئەرگومێنتی کار:

هەرچەندە ڕێزمانی بەندیەتی لە رووی ڕۆنانی سینتاکسییەوە، بە پێچەوانەی ڕێزمانەکانی دیکە تەنیا دان بە یەك ئاستدا دەنێت (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، 2010: 64) ئەویش ئاستی سەرەوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لە شیکردنەوەی ڕستەدا کردەییانە، ئەم ئاستەی سەرەوەی بە جیاکردنەوەی کار لە پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕستەوە، بۆ دوو ئاست و تەنانەت زیاتریش وردکردۆتەوە. کاری ڕستەکە ئاستی یەکەمی شیکردنەوەکە دەنوێنێت، ئاستی دووەمیش پێکهێنەرەکانی دیکە دەینوێنن. بەم پێیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێزمانەکە کار دەخاتە ســەر هەموو پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕســتەکە، واتە هەموو پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕستە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکدا لە کاردا دەبیننەوە.

ئەگەر ســەیری نەخشــەی بەندیەتیی ڕســتەیەکی وەك (**بوێر شــیرینیەکە دەخوات**) بکەین، ئەوا نەخشــەکە دوو ئاســتەکە بە تەواوی ڕوندەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر وردتر لێکیبدەینەوە دەکرێ بۆ سێ ئاستیش جیایبکەینەوە، وەك لە خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




بەپێی هێڵکارییەکە، کار وەك ئاستی یەکەم و بکەر و بەرکار وەك ئاستی دووەم و دیارخەرەکەش وەك ئاســتێکی خوارتر، تەلاری (*architecture*) ڕســتەکە پێکدێنن. واتە لە بەندیەتیدا کار شــێوازێکی تەلارسازی بە شیکردنەوەی ڕستە دەدات و بوونیادگەریانەش لێکدەدرێتەوە (جرهارد هلبش 2003: 362). کارەکە، کە دەکەوێتە ئاســتی یەکەمەوە گیان و کرۆکی ڕســتەکە یان پەیوەندییە بنەڕەتییەکە پێکدەهێنێت، پێکهێنەرەکانی دیکەش، کە دەکەونە ئاســتی دووەمەوە، توخمە ســەرەکییەکانی شــوێنکەوتەی کار پێکدێنن، بەمەش بکەر و بەرکار دەبنە هاوهێزی (*valent*) کارەکە، واتە هەر توخمێکی دیکە پەیوەندییی ڕاســتەوخۆی بە یەکێك لە توخمە ســەرەکییەکانی کارەوە هەبێ ئەوا

پەیوەندییەکەیان لەگەڵ توخمە سەرەکییەکەدا دەچێتە قالبی بەندکەر و بەندکراوی یەکدی. سەیری شیکردنەوەی ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە:




ئەرگومێنتەکانی کار لە ڕستەکەدا بکەر و بەرکارن، کێشەی شیکردنەوەکە لە دەستنیشانکردنی بکەرەکەدا نییە، چونکە یەك وشەیە، بەڵکو لە بەرکارەکەدایە، کە بریتییە لە **خانوەکەمان**. پرسەکە لێرەدا ئەوەیە: بەرکارەکە بریتییە لە وشەی **خانو** یان گرێی **خانوەکەمان**؟ بەپێی شیکردنەوەی تنێر، لەبەر ئەوەی **(خانو)** دەچێتە ئاستی خوار کارەوە و بە بنەڕەتی پەیوەندیی بەندکەر و بەندکراو، لە گرێی **(خانوەکەمان)** دا تەنیا **(خانو)** بە کاری ڕستەکەوە بەستراوەتەوە و دەبێتە یەکێك لە هاوهێزییەکانی کارەکە، بەپێچەوانەوە هەردوو پارچەی **(ەکەمان)** لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییەوە

دەوەستن و دەکەونە ناو پەیوەندییەکی دیکەوە، چونکە دەبنە شوێنکەوتەی پێکهێنی **(خانو)** کە هاوهێزیی کارەکەیە.

داتاشینی ڕستەسازییانە ئەم شیکردنەوە فرە ئاستییەی تێری بە شێوەیەکی جیاواز خستۆتە دووتوێی تۆڕی ئەرگومێنتی کارەوە. هەموو کارێك تۆڕێکی ئەرگومێنتی هەیە، کە لە چەند سلۆتێك پێکدێت، هەر سلۆتێك هاوهێزییەك پڕیدەکاتەوە. سەیری ئەم دوو هێڵکارییەی خوارەوە بکە:




هاوبەشییێك و دوو جیاوازیی لە نێوان دوو نواندنەکەدا هەیە:

هاوبەشییەکەیان لەوەدایە، کە هەم بەندیەتی و هەم داتاشینی ڕستەسازییانە، کار بە هەڵسوڕێنەری ڕستە دادەنێن و هەموو پەیوەندییەکانی ڕستە لە کارەکەدا کۆدەکەنەوە.

جیاوازییەکەشیان لەوەدایە کە: یەکەمیان بەندیەتی پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕستە بە شیکردنەوە دەخاتە ژێرکارەکەوە، بەڵام داتاشین پێکهێنەرەکان بە کەتیگۆرییەکەیانەوە دەباتە ناو تۆڕی ئەرگومێنتی کارەکەوە، بەمەش بەندیەتی بە هاوهێزەکان ناویاندەبات و داتاشینی ڕستەسازییانەش بە خانە (سلۆت) ەکانی ناو تۆڕی ئەرگومێنتی کار. دووەمیشیان: داتاشین لە شیکردنەوەی بەرکاری ڕستەکەدا، ناچێتە ناو شیکردنەوەی گرێیەکە، بەڵکو هەموو گرێیەکە وەك یەك یەکە وەردەگرێت و ئەو کەتیگۆرییەی پێکهێنەرەکانی گرێیەکە بەیەکەوە بۆ سەرەوەی گرێیەکە سەریانخستووە، دەباتە

ناو تۆڕی ئەرگومێنتی کارەکەوە، لە کاتێکدا بەندیەتی تا ئاستی شیکردنەوەی خودی گرێیەکەش دابەزیوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە داتاشین ، پێشوەختە بەندیەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە، وەك:




سیستەمی ژمێرکاری لە گرێی **(قەڵەمەکەم)** دا، لە یەك کاتدا مامەڵەیەکی بەندیەتیانەی لەگەڵ ئەو گیرەکەی ناوەکە دەناسێنێت و ئەو جێناوەش ناوەکە دەردەخات کردووە، چونکە هەردووکیان هیچ پەیوەندییەکییان بە پێکهێنەکانی دیکەی ڕستەکەوە نییە، جگە لە پێکهێنی **(قەڵەم)** کە بەرکارە، بەمەش سیستەمەکە لەسەر هێڵی کاتبەندی ڕستەکە هیچ چاڵ یان پنتێکی بۆ هەڵناکۆڵێ و لە ژێرەوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، واتە گرێیەکە وەك یەك یەکە دەباتە ناو تۆڕی ئەرگومێنتی کارەکەوە. ئەم هێڵکارییە پرسێکی دیکە دێنێتە پێشەوە، کە زیاتر لەو ڕستانەدا دەبینرێت، کارەکەیان ڕابردووی تێپەڕ بێت. سەیری نواندنەکەی خوارەوە بکە:




سیستەمی ژمێرکاری چەمکی بەرکار و سنوری بەرکاری لە چوارچێوەی گرێی **(قەڵەمەکەم)** دا لە یەك جیاکردۆتەوە، وەك هۆستێك بۆ پێوەلکاندنی جێناوەکان مامەڵە لەگەڵ سنوری گرێیەکەدا دەکات نەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك خودی بەرکارەکە خۆی، لە بەرانبەریشـــدا بەپێی ڕێزمانی بەندیەتی، چەمکی بەرکاریی گرێیەکە هەر تەنیا لە خودی ناوەکەوەیە، کە سیمای (+ بەرکار) ی بۆ گرێیەکە سەرخستووە.

### 3 . 1 . 2 شوێنکەوتەی سەرچاوەیی:

لە داتاشینی ڕستەسازییانەدا، هەندێك لەو کەرەستە و پێکهێنانەی ڕستە، کە لێکسیکۆن دەیانخاتە بەردەست سیستەمی ژمێرکارییەوە، شوێنکەوتەییەکی سەرچاوەیی پێشکەشدەکەن، سیستەمی ژمێرکاری لەسەریەتی لە یەکەمین هەلدا، کە بە سەریان ڕادەگات، شوێنکەوتەییەکەیان لە ناو تۆڕی ئەرگومێنتی فانکتەرێکدا چارەسەربکات. سیستەمەکە لە چەند بوارێکدا بەندیتیانە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی شوێنکەوتەییە سەرچاوەییەکاندا دەکات، جێناوە کەسییەکان یەکێکە لەو بوارانە.

### 1 . 3 . 1 . 2 لێکدانەوەی جێناوە کەسییەکان:

پرسی بەکارهێنان و لێکدانەوەی جێناوە کەسییەکان لە ڕستەدا لە بەرانبەر جێناوە خۆییەکاندا لاوەکیترە. ئەم جێناوانە لەو شوێنانەدا دەردەکەون، کە جێناوی خۆییان تێدا بەکارنایەت. بەپێی لێکدانەوەکانی ئۆگرێیدی بێت، سێ بوار هەن، کە جێناوە کەسییەکانیان تێدا لێکبدرێنەوە، ئەوانیش بریتین لە بوارەکانی: ڕێزمانی، پراگماتیکی، ژمێرکاری. بە سەرنجدانێکی وردی کارکردنیان، دەردەکەوێت، کە جێناوە کەسییەکان لەگەڵ جێناوە خۆییەکان و پرسی هاوسەرچاوەییەوە لە دۆخێکی تەواوکاریدان، جێناوە کەسییەکان لە توانایاندا نییە بۆگەڕاوەیەکی حوکمکاریان لە هەمان بواردا هەبێت، بەڵام ئەم ڕووکارەی کارکردنی جێناوە کەسییەکان مەرج نییە هەمیشە وەك خۆی بێتەوە، چونکە لە پرسی شوێنکەوتەی سەرچاوەییدا، ئەگەر جێناوەکە نەیتوانی بۆ هیچ کام لە کەرەستە ناوییەکان بگەڕێتەوە، ئەوا لێکدانەوەکە ڕستەکە بە ڕستەیەکی ناوێزە و نارێزمانی دادەنێت، لەبەر ئەوە ئۆگرێیدی لە لێکدانەوەی ئەم پرسەدا لەژێر کاریگەریی پرەنسیپێکی دەستەڵات و بەستنەوەی چۆمسکیدا دەبێت، بەوەی دەکرێت جێناوە کەسییەکان حوکمکارێکی بۆگەڕاوەیان لە هەمان بوار (*same domain*) دا هەبێت (بڕوانە: O'Grady 2005: 37 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، ناکرێت جێناوە کەسییەکە لەگەڵ کۆی گرێیەکە هاوسەرچاوە بێت، کە نیهادی ڕستەکەیە، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ کەرتێکی گرێیەکەدا بێت، کە پێکهێنی **(ئاری)** یە و دیارخەری **(برادەرەکە)** یە. لێرەدا پرسی ئەوە دێتە پێشەوە، کە **(ئاری)** بەشێکە لە خودی ڕستەکە یان لە پێکهێنەرێکی دیکەی ڕستەکە، بەپێی لێکدانەوەکانی ڕێزمانی بەندیەتی بێت، کەرتی دیارخەر لە گرێدا کۆتکراوی دیارخراوەکەیەتی و هیچ پەیوەندییەکی بە پێکهێنەکانی دیکەی ڕستەکەوە نییە. نمونەی زەقی ئەم کاریگەرییەی بەندیەتی بە داتاشینەوە لە جوتنەبوونی جێناوی کەسی وەك شوێنکەوتە و کەرەستەیەکی ناوی وەك سەرچاوە، لە هەندێك ڕستەدا بە زەقی دیارە.




لە ڕستەکەی سەرەوەدا، جێناوێکی کەسی لە ڕستەی لەخۆگیراودا هاتووە. جێناوەکە شوێنکەوتەییەك پێشکەشدەکات، بەڵام چارەسەرناکرێت، چونکە ئەگەر هیچ کەرەستەیەك هەبێت تا لەگەڵیدا هاوسەرچاوە ببێت، ئەوا دەبێت **(یارا)** بێت، ئەمەش نابێت، چونکە **(یارا)** لە چوارچێوەی گرێیەکدا هاتووە، لە ناو گرێیەکەشدا دیارخەرە، واتە کەرەستە ناوییەکە خۆی پێکهێنێکی ڕستەکە نییە و نەشچۆتە ناو تۆڕی ئەرگومێنتی کاری ڕستەی لەخۆگرەوە، بەڵکو هەموو گرێیەکە چۆتە ناو تۆڕەکەوە. سیستەمی ژمێرکاری لە توانائیدا نییە جێناوە کەسییەکە لەگەڵ کەرەستە ناوییەکە هاوسەرچاوە بکات، تەنانەت سیستەمەکە ناتوانێت شوێنکەوتەییەکەشی لە یادگەدا هەڵبگرێت و بە ڕستەکەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شۆڕببێتەوە تا لە کوێ بە سەر سەرچاوەیەك ڕابگات لەوێ چارەسەریبکات، چونکە لێکدانەوەی واتایی و ڕۆنانی سینتاکسی و کردەکانی خۆشی، ئەو دەستەڵاتەی پێ نادەن، هۆکاری سەرەکیش لە کارکردنی ڕۆنانی گرێیەکەدایە، کە سروشتێکی بەندیەتیانە بەسەر سیستەمی ژمێرکاری دەسەپێنێت و کەرەستەی دیارخەر ناخاتە ژێردەستی سیستەمەکەوە. ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیەش لە دەستی سیستەمەکە دەربازببێت، ئەوا لێکدانەوەی جێناوە کەسییەکە دەچێتە ژێر دەستی سیستەمی پراگماتیکەوە، بەوەی ئایا مەبەست لەو **(ئەو)** ە، خودی **(یارا)** یە یان کەسێکی دیکە، لێکدانەوەی ئەم گوفتارە بە هێنانە پێشەوەی ئەگەرەکان کاری سیستەمی ژمێرکاری نییە.

### 4 . 1 . 2 ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی:

داتاشینی ڕستەسازییانە سیمای کەرەستەکان و کار بەشێوەیەك دەهێنێتە پێشەوە، کە:

1- کەرەستەکان سیمایەکی بنەڕەتی (*basic features*) یان هەیە، کە هەر لە لێکسیکۆنەوە لەگەڵ خۆیان هێناوە و لە لایەن هیچ کەرەستەیەکی دیکەی ڕستەکەوە پێیان نەدراوە.

2- کار هەمیشە سیمایەکی شوێنکەوتەیی (*dependent features*) هەڵگرتووە، چونکە هەندێك لە سیماکانی کار ئیندێکسکراوی خودی ئەو کەرەستانەن، کە لە دەرەوەی پێکهاتەی کاردان لە ڕستەکەدا.

داتاشینی ڕستەسازییانە ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی بکەر و کار لەسەر بنەمای هاوسیمابوونی سیمای بنەڕەتی و شوێنکەوتەکەی ڕادەگەیەنێت، بۆ ئەمە تۆڕێکی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی بۆ کارەکە و کەرەستەکە دەکاتەوە، سیمای کەرەستەکە لە ناو تۆڕەکەی خۆیدا، بە ژمارەی ڕۆمانی و بە پیتی گەورە تۆماردەکرێت، سیمای کارەکەش لەناو تۆڕەکەی خۆیدا، بە ژمارەی عەرەبی و پیتی بچوك تۆماردەکرێت. سیستەمی ژمێرکاری لەم پەیوەندییەدا یەك ئەرکی لەسەر شانە ئەویش ئەوەیە لە یەکەم دەرفەتدا، کە بەسەر ڕێککەوتنەکەدا دەکەوێت، ئەگەر کەرەستەکە و کارەکە هاوسیمابوون، ئەوا نیشانەی (√) وەك هێمای چارەسەربوونی ڕێککەوتنە شوێنکەوتەییەکە دەخاتە ناو تۆڕی ڕێککەوتنی شوێنکەوتەیی کارەکەوە، ئەگەر هاوسیماش نەبوون ئەوا ئەو تۆڕە تیکناکات، خۆ ئەگەر تیکیشیبکات، لێکدانەوەی ڕێککەوتنەکە هەر دەبێت بدرێتە دەست سیستەمی پراگماتیکەوە.

کاریگەریی میکانیزمەکانی کارکردنی بەندیەتی بە داتاشینی ڕستەسازییانەوە، چ بە جیاوازیی چ بە هاوبەشی، لە چوارچێوەی ئەو ڕستانەدا دەبینرێت، کە کەرەستەکە دەکەوێتە قالب و جوغزی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرە ڕۆنانەی پێیـان دەگوترێـت: ڕۆنـانـە لێکـدراوەکـان (*coordinate structure*). قۆنـاغـەکـانی دروسـتبوونی ڕۆنانە لێکدراوەکان لەسـەر پێکهاتەی ناوەوەی خودی ڕۆنانەکە دەوەسـتێت. لە ڕۆنانی پێکهاتەیەکی وەك (لوا و نوا) دا سیستەمی ژمێرکاری ڕۆنانەکە بە دوو هەنگاو دادەتاشێت، وەك:




سیـستـەمی ژمێرکاری لە هەنگاوی یەکەمدا، کەرەسـتە ناوییەکەی بە ئامرازە لێکدەرەکە بەسـتۆتە، لە دووەمیشدا، ئامرازەکەی بە کەرەستەیەکی دیکەوە بەستۆتەوە، داتاشینی ڕستەسازییانە ئامرازەکە بە فانکتەر دادەنێت، ئەمە وا دەکات، هەردوو تای ڕۆنانەکە هەمان نرخیان هەبێت، جیاوازییان ئەگەر هەبێت، ئەوا تەنیا لە ڕوی سیما بنەڕەتییەکەیانەوە دەبێت ئەویش لە ڕووی کەس و ژمارەوەیە.
لە ڕێککەوتنی ئەو جۆرە ڕۆنانانەدا، شوێن کاریگەریی خۆی بەسەر جۆر و میکانیزمی ڕێککەوتنەکەوە هەیە، چونکە لە هەندێك ڕستەدا دەکرێت سیمای بنەڕەتی (بکەر) بکەوێتە پێش سیمای شوێنکەوتە (کار)، لە هەندێك ڕستەی دیکەشدا سیمای شوێنکەوتە (کار) بکەوێتە پێش سیمای بنەڕەتی (بکەر)، لەم حاڵەتەدا سیـستـەمی ژمێرکاری ڕێککەوتنێکی کەرتی (*partial agreement*) دەهێنێتە پێشـەوە، چونکە لەسەر بنەمای لای چەپ و ڕاستی کار بە دوو شێوە ڕەفتاردەکات.
لە کوردیدا ڕێککەوتنی کەرتی لە دەقە شـیعرییەکاندا باوترە تا دەق و ئاخاوتنی ئاسـایی ، هۆکاری ئەمە زیاتر بۆ توانستە ئەدەبییەکە دەگەڕێتەوە لە بەدەستەوەنەگرتنی بنەما ڕێزمانییەکان لە بەرانبەر هەندێك پرس کە لە توانسـتێکی ئەدەبییەوە دێن، وەك: سـەروا، کێش، هارمۆنیای ناوەوەی شـیعر و ...تد. سـیسـتـەمی ژمێرکاری بۆ بەسـتنەوە و چارەسـەکردنی ڕێککەوتنەکە دوو ئەگەری لەبەردەمدا دەبێت: یان دەبێت سـیما شـوێنکەوتەییەکە لە یادگەدا هەڵبگرێت تا ئەو کاتەی هەلێکی لەباری بۆ دەڕەخسـێت، ئینجا ڕێککەوتنەکە ڕابگەیەنێت، یان دوو سـیماکە لەگەڵ یەك ببەسـتێتەوە و لەسـەر هەلی گونجاو ڕانەوەستێت، چونکە جاری وا هەیە سیستەمەکە هەر ئەو هەلەی بۆ ڕێکدەکەوێت.
**وەها هەسـتا بە باڵی جازیبەی قودڕەت، لە نیوەی ڕێ**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەجێما ئەسپ و پەیك و ڕەفرەف و ئەم چەرخی دەورانە** (نالی، 1976: 514)

لە لەتی دووەمی دێرە شیعرەکەدا کاری ڕستەکە **(بەجێما)** سیمایەکی شوێنکەوتەیی بە **(**+ تاك**)** پێشکەشدەکا، سیستەمی ژمێرکاری کە بەسەری ڕادەگات، سیماکەی وەردەگرێت، تا لەگەڵ سیمایەکی بنەڕەتی (کەرەستەیەکی ناوی) چارەسەریدەکات، سیستەمەکە هەر دوای ئەوەی لە تخوبی کارەکە تێدەپەڕێت، هەلێکی بۆ ڕێکدەکەوێت تا سیما شوێنکەوتەییەکە لەگەڵ سیمای کەرەستەیەکی ناوی وەك **(ئەسپ)** جوتبکات، کە هەمان سیمای (+ تاك) ی هەیە، ئەوە لەبەرچاوناگرێت، کە بەردەوامبێت تا بزانێ ئاخۆ ئەو کەرەستە ناوییە هیچ کەرەستەیەکی دیکەی لە قالبی پێکهاتەیەکدا شەتەکدراوە یان نا، بەمەش ڕێککەوتنێکی کەرتی لێ دەکەوێتەوە، وەك لە خوارەوەدا خراوەتەڕوو:




وەك لە هێڵکارییەکەدا دیارە، سیمای شوێنکەوتە کەوتۆتە لای ڕاستەوە و سیمای بنەڕەتیش لای چەپ، کەچی سیستەمی ژمێرکاری سیمای شوێنکەوتەیی کاری بە (+ سێیەمی تاك) هەڵگرتووە، بۆیە کە بەسەر سیمای بنەڕەتییەکان ڕادەگات، ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەم کەرەستە ڕێککەوتووە، ڕانەوەستاوە تا هەموو کەرەستەکان لەگەڵ یەك کۆبکاتەوە، بەمەش نابەندیەتیانە جوڵاوەتەوە.

**گەر فەڕ و تاج و زینەت و شەوکەت وەفای دەبو**
**بێ دەردی سەر دەمانەوە بۆ تاوس و خەروس** (نالی، 1976: 239)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




کەرەســتەکان کەوتونەتە پێش کارەکەوە، سیســتەمی ژمێرکاری کە کەرەســتەکانی یەك بە دوای یەك بڕیوە، بە دوو ســیما هەڵیگرتون، بە تاك و بە کۆ، کە گەیشــتۆتە ســەر کارەکە، دەبینێت کارەکە لە لێکســیکۆنەوە ســیمای تاکی پێ دراوە، بۆیە ئەویش ناچارە ڕێککەوتنەکە بە تاك (+ سێیەمی تاك) چارەســەربکات. ئەمەی ســەرەوە ئەوە ناگەیەنێت، کە نمونەی پێچەوانەش نەبێت، بەڵکو لە نمونەی دیکەدا سیستەمەکە لەژێر کاریگەریی داواکارییەکانی توانستەوە بە پێچەوانەی کاریکردوە.

**قوربان مەحاڵە پێکەوە بن ســەبر و ئیشتیاق**

**خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی (لا یطاق)** (نالی، 1976: 248)

سیمای شوێنکەوتەیی پێش سیمای بنەڕەتی کەوتووە، بەڵام وەکو نمونەکەی پێشتر لێکنادرێتەوە، چونکە سیستەمی ژمێرکاری کەرەستەکانی بەردەستی لۆژیکیترن و سیمای شوێنکەوتەیی کارەکە کۆیە بەمەش سیستەمەکە کەرەستە ناوییەکان لەگەڵ یەك کۆدەکاتەوە. وەك:




بە پێچەوانەی ئەمەی ســەرەوە، دەبووایە هەر کاتێك چەند ســیمایەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکدا دەکەونە پێش سیمایەکی شوێنکەوتووەوە، سیستەمەکە سیماکان کۆبکاتەوە ئینجا لەگەڵ شوێنکەوتەکە چارەسەریانبکات. ئەم تایبەتمەندییەی سیستەمەکە دوو سەرەیە، نمونەی جیاواز بۆ هەردوو حاڵەتەکە هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شوبهەی نییە کە شەمس و قەمەر سێبەری ئەون**

**نیسـبەت بە هەردو وەجهی وەکو نور و سـێبەرە** (نالی، 1976: 428)




وەك لە نواندنەکەدا دیارە، هەردوو سـیماکان کۆن، کۆی سـیما بنەڕەتییەکە لە ئەنجامی کردەی کۆکردنەوەی هەموو سیماکانەوە هاتووە، بەڵام دەکرێت حاڵەتی پێچەوانەش هەبێت، وەك:

**تەفرەم مەدە بەم سەروە، کە وێنەی قەدی تۆیە**

**سەرو و سەمەن و سونبول و ڕەیحانە لە کێیە؟** (عەونی، 1997: 49)




وەك لە نواندنەکەدا دیارە، سـیسـتـەمی ژمێرکاری بەسـەر چوار کەرەسـتەدا ڕۆیشـتووە، سـیمای هـەمووانی هـەڵگرتووە، بـەڵام هـەر تـەنیا سـیمای یـەکێکیـانی لـەگـەڵ کـارەکـەدا بردۆتـە بـازنـەی ڕێککەوتنەوە، لە کاتێکدا کەرەستەکان پێش کارەکەش کەوتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەنجامەکان:**

1- بەندیەتی و داتاشین لە ڕووی دەرکەوتووییەوە لەوەدا جیاوازن، کە بەندیەتی زیاتر وەك میکانیزمێکی لێکدانەوەی ڕستە و گرێیەکان ڕەفتاردەکات و لەوە زیاتر ناڕوات تا پێکهاتنی خودی زمان لێکبداتەوە، چونکە تا ئەو ئاستە شۆڕنابێتەوە، کە پەی بە هێزە پێکهێنەرەکانی زمان ببات، کەچی لە بەرانبەردا داتاشین ڕووکارە دەرکەوتووانەکەی هەم بۆ لێکدانەوەی پێکهاتنی زمانە، هەم زمانیش لەسەر بنەمای ئەو هێزە نازمانیانە لێکدەداتەوە، کە لە پێکهاتنیدا بەشدارن.

2- دەستگرتنی داتاشینی ڕستەسازییانە بە هەندێك لە بنەڕەت و بنەماکانی ڕێزمانی بەندیەتی، ئەو گوفتارە یەکلادەکاتەوە، کە ڕەتکرنەوەی بیرۆکەی بەندبوونی پێکهێنەرێك بە پێکهێنەرێکی دیکە لە ڕستەدا، بە بەهانەی ئەوەی هەمو پێکهێنەرێك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە و نابێت بەهۆی بەندبوونیان بە یەکدییەوە فەرامۆشبکرێن، مەرج نییە هەمیشە ڕاست بێت.

3- داتاشینی ڕستەسازییانە زیاتر دەچێتە خانەی لێکدانەوەیەکی واتاییانەی ڕستە و پێکهێنەکانی، لەم هەنگاوەیدا دەستی بە هەندێك بنەمای ڕێزمانی بەندیەتی گرتووە، چونکە خۆی لە لێکدانەوەی داتاشینی ڕستەدا ناگاتە ئاستی لێکدانەوەی گرێیەکان و بەمەش پشت بە لێکدانەوەیەکی پێشتری بەندیەتی دەبەستێت، ئەمەش بە لایەنی خۆیەوە، بۆچوونەکانی ئۆگرێیدی لە هێنانەپێشەوەی پرسی لێکدانەوەی زمان بەبێ لەبەر چاوگرتنی هیچ یاسایەکی ڕێزمانی پێشوەختە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

4- زۆربەی ئەو جیاوازییانەی، کە داتاشینی ڕستەسازییانە لە لێکدانەوەی ڕستەی کوردیدا دەیانخاتەوە و پێچەوانەی یاساکانی ڕێزمانی بەندیەتین، بە تایبەتی لە پرسی ڕێککەوتندا، توانستێکی ئەدەبی بەرهەمیهێناون، بەمەش داتاشینی ڕستەسازییانە کورتهێنییەکی دیکەی بەندیەتی زەقدەکاتەوە، کە لە سەردەمی خۆیدا نەیتوانیوە ئەم پرسانە بگرێتەخۆی و زیاتر بڕیکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان کوردییەکان:

1- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (2010) ڕێزمانی بەندیەتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

2- صباح ڕەشید قادر (2015) داتاشینی سینتاکسی لە نێوان سیستەمی چەمکی هێماکان و سیستەمی ژمێرکاریدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 4، ل: 63 - 82:

3- ........................ (2016) هەندێ لە تیۆرەکانی فەرهەنگی ئاوەزی، گ. زانکۆی گەرمیان، بەرگ 3، ژمارە 4، ل: 273 – 247.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

1- ديريك بيكرتون (2001) اللغة و سلوك الانسان، ترجمة: محمد زياد كبه، منشورات جامعة الملك سعود.

2- محود جاد الرب (1985) علم اللغة نشأته و تطوره، دار المعارف، الطبعة الاولى، مصر، القاهرة.

3- فردينان دي سوسور (1985) علم اللغة العام, ترجمة: يوئيل يوسف عزيز, دار افاق عربية, بغداد.

4- عبدالرحمن محمد طعمة و الاخرون (2019) دراسات في اللسانيات العرفانية: الذهن و اللغة و الواقع، مركز الملك عبدالله بن عبدالعزيز الدولي، الطبعة الاولى، الرياض.

5- مصطفى غلفان (2013) اللسانيات البنيوية، دار الكتاب الجديد المتحدة، الطبعة الاولى، بيروت.

6- جرهارد هلبش (2003) تأريخ علم اللغة، ترجمة: سعيد بحيري، زهراء الشرق، الطبعة الاولى، القاهرة.

7- لودجر هوفمان (2015) علم اللغة، ترجمة: سعيد بحيري، مكتبة زهراء الشرق، الطبعة الاولى، القاهرة.

### سەرچاوەی ئینگلیزییەکان:

1- Mark Aronoff & Frank Anshen (2001) Morphology and the Lexicon (Andrew Spencer & Arnold M. Zwicky, The Handbook of Morphology, Blackwell Publishing)

2- Mark Aronoff & Kirsten Fudman (2011) What is Morphology, Second Edition, Willy – Blackwell.

3- Leonard Bloomfield (1969) Language, London.

4 - Elizabeth Bates and others (1999) (William Bechtel & George Graham, A Companion to Cognitive Science, edited by: Blackwell Publisher)

5 - Elizabeth Bates & Brian Mac Whinny (1988) (Papers and Reports on Child Language Development 27, printed in the United States of America)

6- Geert Booij (2007) The Grammar of Words: An Introduction to Linguistic Morphology, Oxford University Press, Second Edition.

7- Martin Haspelmath & Andrea D. Sims (2010) Understanding Morphology, Hodder Education, Second Edition.
8- Anna Herwig (2005) Lexicon and Grammar (TU Dublin- Technological University Dublin, Vol. 6, Issue 1, Article 3, P: 53 - 63)
9- John Stuart Mill (1930) A System of Logic Ratiocinative and Inductive, Longmans, Green and Co., London.
10- William O'Grady (2005) Syntactic Carpentry: An Emergentist Approach to Syntax, Lawrence Erlbaum Associates, New Jersey.
11- ………………… (2008) The Emergentist Program (Lingua, V. 118, Is. 4, P: 447 – 464)
12- Ingo Plag (2002) Word – formation in English, Cambridge University Press.
13- Michael T. Ullman (2001) A Neurocognitive Perspective on Language- The Declarative / Procedural Model, (Neuroscience, Vol. 2, P: 717 - 727)

**سەرچاوەی نمونەکان:**

1- نالی (1976) دیوانی نالی – لێکۆڵینەوە و لیکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.
2- عەونی (2022) دیوانی عەونی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

---

# Between Syntactic Carpentry and Dependency Grammar Similarities and Differences

**Hayder Haji Khdir**
Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
haider.khdir@su.edu.krd

**Prof. D. Sabah Rasheed Qadir**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
dr.sabahrashed@yahoo.com

***keywords***: *Syntactic Carpentry, Dependency, Emergentism, Verb Arguments Grid, Referential Dependency, Agreement Dependency*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣ )، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract**:

Syntactic carpentry is considered as a modern syntactic theory, although it does not acknowledge the existence of any prior grammatical rule in the analysis and interpretation of the language, but through it's analyzes of some sentences and phrases, it seems that it has been influenced by some previous syntactic theories, especially the dependency grammar. This paper, as research drawn from doctoral dissertation, which is titled (Between Syntactic Carpentry and Dependency Grammar – Similarities and Differences) discusses how and extent of the effects of dependency grammar on it, as well as presents some of the differences and similarities within them.

**الملخص:**

تعتبرالتخريم النحوي، كنظرية نحوية حديثة، بالرغم من عدم اعترافها بوجود ايه قاعدة نحوية مسبقة في تحليل و تفسير اللغة، الا انها من خلال تحليلاتها لبعض الجمل و العبارات، تبدو انها قد تأثرت ببعض النظريات النحوية سابقة، وخاصة النحو التبعي. تناقش هذه الورقة، كبحث مستل من اطروحة دكتوراه، و التي تحمل عنوان (بين التخريم النحوي و النحو التبعي – التشابه و الاختلاف) كيفية و مدى تأثيرات النحو التبعي عليها، كما و يقدم بعض من وجه الاختلاف و التشابه فيما طياتهم.